## چالاکیەکانی ناوەندی چاک_کۆمیتەی نەرویج لە یادەوەری کارەساتەکانی هەڵەبجەو ئەنفالدا

بە زنجیرەیەک چالاکی و ریز لێنان لە کارەساتەکانی هەڵەبجەو ئەنفال ناوەندی چاک لە نەرویج توانی بەشێوەیەکی نویٚ و بە ئاستێکی ئەکادیمی ،هەم لەناو ڕەوەندی کوردیدا وە هەم لە کۆمەڵگای نەرویجیدا، رۆژە ڕەشەکانی گەلەکەمان یاد بکاتەوە ... کە بەم شێوەیەی خوارەوە خاڵبەندی دەکەم .
1- سیمیناری نێو نەتەوەیی لە ئۆسلۆی پایتەختی خەلاٚتی ئاشتی لە رۆژی03/16.



بە بەشداری چەندین توەژەرەوە و لێکۆلەرەوەی ئەمریکی و ئەوروپی و کوردی، سیمیناری ( ئەنفال، هەولێک بۆ نەهێشتنی کورد) لە لایەن هۆلۆکۆست سەنتەر و RKR لیژنەی راوێژی نەرویجی بۆ مافی کوردەکان و بەهاوکاری رێکخراوی چاک سیمینارێکی یەک رۆژە بە زمانی ئینگلیزی لە هۆلی سەنتەری هۆلۆکۆست سازدرا، ئەم سیمینارە نزیکەی 8 کاتژمێری خایاند و دەیان کەسی شارەزا و پسپۆڕی نەرویجی و کوردو پارتە سیاسیە کوردی و نەرویجیەکان ئامادە ی بوون ،
یەکێک لەتایبەت مەندیەکانی ئەم سیمینارە ئەوەبو کە هەر یەکێک لە 5 بەشداربوەکە لە بەشێک و لایەنێکی ئەنفال باس و لیکۆلینەوەیان پێشکەش کرد ، لە خوارەوە هەولدەدەم کورتەیەک لە هەریەکەیان باسبکەم..
سەرەتا Erik Thorstensen لە لایەن هۆلۆکۆستەوە بە کورتی باسی چۆنیەتی پێکهێنانی سیمینارەکەی کرد و دواتر Vidar Birkeland بەگەرمی سوپاسی ناوەندی چاکی کردو ، هەریەک لە توێژەرەوەکانی بە ئامادەبوان ناساند.



- شاخەوان شۆرش ئەندامی ڕێکخراوی چاک ،ماستەر لەبواری زانستی سیاسی ،سە رە تا ئاماژەی بە ڕە گەزە مێژووییە کانی ئە نفال کرد و گە ڕاندیەوە بۆ سە رەتای سەر هەڵدان و پە رە گرتنی ئیسلام، کە بە پێی بیرو باوەڕی شاخەوان جینۆساید دیاردەیەکی کۆنە و زۆرێک لە گروپە کۆمە لایەتی و ئەتنیەکان لە مێژووی بە ر لە مۆدیرنیتە جینۆساید کراون و لە نێو براون . لە پەیوەند بە جینۆساید کردنی کورد لە ئۆ پەراسیۆنی ئەنفال دا کاک شەخەوان بە دریژی باسی لە قۆناغەکانی ئەنفال کرد .

- Dr. Nora Sveaass . دکتۆری دەروونناسی نەرویجی ، باسێکی دەربارەی باری دەرونی ئەو پەنابەرانەی لە ناوچە جینۆساید کراوەکان وە هاتوون پێشکەشکرد

- د. چۆمان هەردی ، باسێکی لەسەر ژنانی پاشماوەی ئەنفال پێشکەشکرد و هەولیدا، کە لەرێی ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەل ژنانی رزگاربووی ئەنفالدا کردبوی ،وەزعیەتی ژنانی ئەنفال کراو چ لەکاتی رودانی ئەنفال و چ لەدوای رواداوەکە بخاتە رو و ، توانی بە پیشاندانی وێنەی هەریەک لە و ژنانە باری خەراپی پاشماوەی ئەنفال بۆ ئامادەبوان باسبکات...
- Heikelina Verrijn Staurt پارێزەر و شارەزا لە کەیسی Van Anraat ،باسێکی بە پێزی دەربارەی ڤان انرات و ئەو کۆمپانیا بیانیانەی  کە یارمەتی ڕژێمی بەغدایان داوە بۆ بەدەستهێنانی جەکی کیمیایی.



- پرۆفیسۆر Peter Galbraith یەکەم بالوێزی ئەمەریکی لە کرواتیا و چەندین پۆستی گەورەی تری هەبوە لە حکومەتی ئەمریکا و هەڵسوراویکی بەناوبانگە لە بواری ئەنفالدا .بەرێزی لەژێر ناوی، هەڵمەتەکانی ئەنفال و هۆکارەکانی لەسەر کورد وکۆمەلگای عێراق ، باسێکی سایسی بەسودی لەسەر کوردستان و دوارۆژی حکومەتی هەریمی کوردستان پێشکەشکرد و جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە دنیا حکومەتی کوردی وەک واقیع حاڵێک قبولکردوە، پۆزەتیڤانە دەی روانیە دوارۆژی خەڵکی کودستان و پێی وا بو کوردستان بەم زوانە دەبێت بەدەوڵەت

2) لە هەمان رۆژداو لەگەلەری هۆلۆکۆست سەنتەر پێشەنگایەکی ،تابلۆو دۆکیومینت تایبەت بە ئەنفال ، نمایش کرا ،چەند هونەرمەندێک بەشداریان تێدا کرد و بەشێک لەتابلۆکان لە کوردستانەوە هێنرابون ،هەروەها هونەرمەند ئازاد ئەحمەد دانیشتوی ولاتی نەرویج  بە دو تابلۆ بەشداری کرد .





3) هەر لەرۆژی کیمیابارانی هەلەبجەدا کۆمیتەکەمان  بەهاوکاری دەستەی چالاکیە رۆشنبیریەکان ریپێوانێکی لە شاری  Fredrikstad سازکرد.

4)  لە رۆژی 03/18 دا ناوەندی چاک بە هاوکاری فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردیەکان ، سیمیناریکی بۆ بەرێز شاخەون شۆرش بەزمانی کوردی سازکرد ، شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لە کوردستانیانی وڵاتی نەرویج ئامادەبوون .

5)ڕۆژی 2007/03/29 ناوەندی چاک کۆمیتەی نەرویج کۆبونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێز Ola Elvestuen لێپرسراوی ئۆسلۆی پارتی چەپ ( Venstre party ) سازدا. پارتی جەپ پارتێکی بچوکی نەرویجەو 10 ئەندام پەرلەمانی هەیە .

ئەوەی جێگای سەرنج و تێرامانە ئەم پارتە نەک لەسەر ئەنفال و هەلەبجە بەڵکە لەسەر کورد بە شێوەیەکی گشتی زانیاریەکی زۆر سەرەتای و کەمیان هەبو ،دەتوانین بڵێین کە ناوەندی چاک یەکەم ڕێکخراوی کوردییە کە سەردانی ئەم پارتەی کردوە ، بۆیە سەرەتا هاوڕێیانمان بە بەباسێکی تێر و تەسەل لەسەر کورد و کێشە رەوایەکەی بەریزیان ئاگادار کردەوەوەو ،دواتر بە وردی کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال گفتوگۆ کران و جەندین پرسیار و سەرنجیش لەلایەن بەڕێزیانەوە ئاراستەی شاندی چاک کرایەوە کە پێکها تبون لە برێزان ( سەلاح فەهیم پور و کانیە ئیبرهیم) وە هاوریییانمان بە وردی وەلامیان دایەوە.

لە کۆتاییدا Elvestuen پەیمانی بەناوەندی چاک دا کە لەهەولی جدیدا دەبێت کە پارتەکەی پارتی چەپ زیاتر گرنگی بە کورد و کارەساتەکانی بدات و ،بەو پێیەی کە بەڕێزی و پارتەکەشی ئاگاداری کارو چالاکیەکانی ( کۆمیتەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی)یە بەڵێنیدا کە بۆ ناساندنی ئەنفال و هەڵەبجە بەم کۆمیتەیە درێغی نەکات ....

لە کۆتایدا بە پێویستی دەزانین کە سوپاسو پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەمو ئە بەرێزانە بکەین کە بۆ بەئەنجامدانی ئەو کارانە هاوکاریان کردین

1) فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردیەکان لە نەرویج
2) بەریز سۆلاڤ خانەقینی کەسایەتی سیاسی و دیلۆماسی
3) بەریز عەبدلا حیجاب نوسەر و رۆشنبیر
4) بەرێز شوان حەمە رۆژنامەنوس
5) هونەرمەند ئازاد ئەحمەد سەرچناری

ناوەندی چاک کۆمیتەی نەرویج